کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-10-2007 0:44

**وەڵامێک بۆ جەبارشێخانی ... هەژێن گەرمیانی**

بە ئیجازەی شاعیری گەورە ئەم دێرەی دەستکاری دەکەم:
بە حەیا بێرە حزور بە ئەدەب سوژدە بەرە
خەڵوەتی دولبەرە جەبار ئێرە ماڵپەڕەکەت نیە

بەرلەهەر شتێك داوای لێبوردن لە کوردستان نێت و خوێنەران دەکەم، من تەنها ڕەخنەیەك بو ئاراستەی ئەو دوو بەڕێزەم کرد بەمەبەستی ئەوەی بەماڵپەڕەکەیاندا بچنەوە و بابەتەکان پۆلێن بکەن و ماندوبونی ئەو گۆرانی بێژانەی هونەرمەندن بەفیرۆ نەدەن. بەڵام بەداخەوە جەبار شێخانی وەڵامێکی داوەتەوە ناچاری کردم لەسەری بڕۆم و سەری خۆم و ئێوەشی پێوە بێشێنم.
بەڕێز جەبار شێخانی من لەو باوەڕەدا نەبوم کە ئەمە ئاستی ڕەوشت وڕۆشنبیریت بێت!!! من تەنها پرسیارێکی ڕەخنەئامێزم ئاراستەی تۆو کاك لێزان کردو هیچ بێ ڕێزیەکم بەرامبەر نەکردن، نازانم بۆ لەچیکەڵانەتدا جێگەی نە بۆوەو بۆ واگرتگرت و روی ڕاستی خۆتت لە ماڵپەڕە بێسەروبەرەکەی خۆتدا دەرخست، گەر پێشتر بمزانیەیا ئەمەی هەرگیز دانەئەبەزیم بۆ ئاستی تۆ.، بەڵام دەمەوێت دڵنیا بیت کەنوسینەکەم هیچ مەبەستێکی تایبەتی لە پشتەوە نیە وناشت ناسم وهیچ قینێکیش لە دڵما نیە بەرامبەرت گەر مەبەستیشت ماڵپەرەکەتە ئەوە بڕوا نەکەم کەس هەبێت ئیرەیی بە ماڵپەرێکی وەك ئەوەی تۆ بەرێت بەتایبەتی کە تۆ خاوەنەکەی بیت، لای هەمومان ئاشکرایە کە دروستکردنی ماڵپەڕی مشەخۆر لەسەر ماڵپەڕی دی زۆر ئاسانە.
دوبارەی پێت دەڵیمەوە تۆ نەك هەر ئامانجی گشتیت نیە، بەڵکو نازانی ئامانجی تایبەتیشت چیەو هەر ناشزانی وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەیتەوە، چونکە لە وەڵامەکەتدا دەڵێی: بەخێرهاتن بۆ ماڵپەڕی جەبار شێخانی، ماڵپەڕی جیهانی هەمەرەنگو تازەگەری، دواتر دەڵێی 12 سەعات دادەنیشم بابەت کۆدەکەمەوە بەمەش ئامانجم خزمەتکردنی خەڵکە و دوا دێڕیش دەڵێی ئەم نوسینانە ئەوە دەسەلمێنێت ماڵپەڕەکەم ئاشنایە بە هەمو کوردێك ئەمەش تاقە ئامانجی منە، بێزەحمەت پێمان ناڵێی کامەیانەو کامەش تازەگەریە کەباسی دەکەیت؟ هەر ناشێ بڵێی دابەزاندنی بابەتی ماڵپەڕەکانی تر و تێکەڵکردنی قورئانی پیرۆزو پەردەی کچێنی و ئاڵای کوردستان و هاوسەرگیری و مۆڵەتنامەی شۆفێری و شیعری ڕەنج سەنگاوی و مامەریشەو بێوەژنی سکپڕ تازەگەرییە،
هەرکەسێك مافی خۆیەتی ماڵپەر دروست بکات و زۆر ئاساییە گەر باسی باڵاو ئیش وکاری ڕۆژانەی خۆشی بکات گەر مەبەست و ئامانجدار بێت، لەوە ئەچێت بەلای تۆوە شتێکی زۆر سەیروسەمەرە بێت، برا گیان ئەوە سەیر نیە سەیر ئەوەی بەڕێزتە کەنازانی چیەو ناوی لێدەنێی تازەگەری، ماڵپەڕی تاکەکەسی و کەسانی ناودارو بەهرەمەند زۆرە کەباسی خۆیان و زۆر لایەنی ژیانی ڕۆژانەی خۆشیانی تێدایە، بەڵام تۆ ناتوانی ئەمە بکەی چونکە باسی چی بکەیت و چی بنوسی؟
ئەو کەسەی ماڵپەر دروست دەکات دەبێت کەسێکی شارەزاو بەتوانا بێت، هیچ نەبێ پێویستە کۆمەڵێ زانیاری سەرەتایی هەبێت ولە هەنگاوی یەکەمدا بزانێت ئامانج لەدانانی چیەو جەماوەرەکەی کێیەو ئەوبابەتانە چین کە ئاراستەی جەماوەرەکەی دەکات. ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتی ماس مێدیایە کە ماڵپەری ئینتەرنێتیش وەك هەر مێدیایەکی تر بەشێکە لەو، جگە لەمەش دەبێت زانیاری و هەواڵ وبابەتەکان بەپێی جۆرێتیان دابەش بکرێن بۆ ئاسۆی و ستونی و دەبێت جۆرو قەبارەو ژمارەی وێنەکانی لاپەڕەی سەرەتا بەپێی بابەتەکان و لاپەڕەکە ڕێکبخرێن و نابێت وێنەی زۆر لە هەمان لاپەڕەدا هەبێت، من دڵنیام تۆ تەقەی سەرت دێ لەم شتانەو چەندین شتی تر کە زانیاریی زۆر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-10-2007 0:44

سەرەتایین و بەتۆ نامۆن، هیچ نەبێ سود لەو وتە باوە وەرگرە کە دەڵێ: بیربکەرەوە، دیزاینی شیاوی بکە، بڵاویبکەرەوە.

من هەر ئەوەندە وەڵامت دەدەمەوە، چونکە من وەك تۆ بێکارنیم 12 سەعات کات بکوژم، هیوادارم خۆت زیاتر رۆشنبیر بکەیت و گەر رەخنەت ئاراستەکرا بەدڵێکی گەورەوە وەریبگریت و بەرێزو حورمەتەوە وەڵام بدەیتەوەو هەوڵبدەیت سودی لێوەربگریت، خوێنەرو نوسەر رۆژانە رەخنە ئاراستەی سەرکردەو دەسەڵات و گەورە بەرپرسان وهونەرمەند و کەسایەتیەکان دەکات کەسیش بەو شێوازەی تۆ نەهاتۆتە وەڵام،

سوپاسی کوردستان نێت دەکەم و هاوکاتیش وێنەیەك بۆ جەبار دەنێرم هیوادارم وەك هەموو ماڵپەڕەکانی ترجورئەتی هەبێت دایبەزێنێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.